# چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا

**حاجی ئەنوە**
**14.5.2005**

**پێشەکی :**

سالآنێکی دووردرێژە سەرۆک پەیمانی پێدابوم کە ئەگەر لە دواهەمین ڕۆژی ژیانیشیدابێت فرسەتی ئەوەم بدات چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەم ، کاتێک ئاگاداریان کردم کە سەرۆک سبەینێ لە بارەگایی تایبەتی خۆی چاوەڕێم دەکات لە خۆشیاندا خەریک بوو باڵبگرم ، هەزارەها پرسیاری جۆراو جۆر لەمێشکمدا کۆبوبونەوە ، هەندێکیان هەر لە منداڵیەوە لە دەمی خەڵکی و کەسوکارمەوە بیستبوم هەندێکیشیان کە پێگەیشتم ، لەلام پەیدا بوون . دەزانن بۆ خەریکبوو لەخۆشیاندا باڵبگرم ؟ ، چونکە زۆر ڕقم لە سەرۆکە ناشزانم ئەم ڕقەم چۆن لە لاپەیدا بووە . لە گەورەیی و پیرۆزی ئەم ڕقەمەوە دەمویست کاتێک کە بە سەرۆک دەگەم هەرچی سوکایەتی دنیایە پیی بکەم و هەولبدەم زیرەکانەو زۆڵانە وەلامی هەرچی پرسیارە شاراوەکانە پێی بدرکێنم . هەرکەئاگاداریان کردم چومە ماڵەوەو هەرچی کاغەزەکۆنەو کتێبەکۆنەکان بوو دەرمهێنا تا زۆرترین پرسیار ئامادە بکەم ، ئەو شەوە تادەمەو بەیانی نەمدەتوانی بخەوم جارجار لە ناکاودا دڵم ڕدەبووهەنسکی ساردم دەدا و کاتێک دەچوم دەموچاوم بشۆم کەسەیری ئاوێنەکەی بەرامبەرمم دەکرد چاوەکانم سوور هەڵگەڕابوون . من زۆر دەگریم ، بەلآم گریانێک زۆر بەکوڵ ، زۆر بێدەنگ کە جگەلەخۆم کەسی تر هەستی پێناکات ، ئەو کاتە بەهۆش دێمەوە کە سەرسنگم تەڕ بووە و هەست بەسەرما دەکەم . دەمەو بەیانی هەرچی پێداویستی سەردانەکەم بوو ئامادەم کردو لەتەنیشت جلەکانمەوە دام نان . دەمەونیوەڕۆ لە هەستە هەستەی دایکم و پاسەوانەکانی سەرۆک بەئاگاهاتمەوە .

سەرۆک چاوەڕێت دەکات ، تۆ دەبوایە کاتژمێرێک پێش ئێستا لە بارەگایی تایبەتی بوبوایت !! .

بەپەلە لەگەڵیان ڕۆشتم پاش نزیکەی کاتژمێرێک گەیشتمە ئەو ناوچەیەی کە بارەگایی سەرۆکی لێ بوو ، لەوێش دوو کاتژمێرێکی کە چاوەڕێم کرد تا بردمیانە لای سەرۆک ، لەو ماوەیەدا چاوم بەباخ و بێستان و ئەوگیان لەبەرانەدا گێڕا کە بەندکرابوون ، بەناوکۆشک و عەمودە بەرزە چوارلاقیەکاندە دەگەڕام . پیش ئەوەی بچمە ژوورەوە یەکێک لەبەرپرسیاران باسی گەورەیی و پایەداری سەرۆکی بۆ کردم ، منیش دەستم کرد بە گیرفانمداو ویستم ئەو لاپەڕەیە دەربهێنم کەباسی ئاخاوتنی قەیسەر و پۆشکین دەکات !!!! وەختێک بەخۆمم زانی ، تازەپاش چی ، پرسیارەکان و لاپەڕەکانم بیرچووبوو ، مێشکم جەنجاڵ بوو ، باشە ئێستا چی بکەم ، بەهەر حال چومە ژوورەوە . سەرۆک بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردم ، ووتی من قەرزاری تۆم ، تۆ منت لە مردنی مسۆگەر ڕزگارکرد ، هەربۆیە دەمەوێت پاداشتت بدەمەوە ، چەندجار پارەومولک وماڵم ڕژاندە بەردەستت بەلآم کەلەڕەقی ، دەمەوێت لە ڕێگایی ئەم

چاوپێکەوتنەوە ناودارت بکەم و وەک ڕۆژنامەوانێکی گەورە دەرکەویت ، هەرچی پرسیارت هەیە بە ئازادی بیکە ، بەڵام پێش ئەوەی بڵاوی کەیتەوە با چاوێکی پێدابخشێنم .

پرسیار : بارودۆخی ئەمڕۆی وولات چۆن هەڵدەسەنگێنن لە بوارەکانی ئابووری ، ڕامیاری ، کۆمەڵایەتی ؟ . سەرۆک : گەر ئەمن وئاسایش هەبێت وولاتی ئێمە توانایەکی گەورەی هەیە کە چەندبەرابەر بە وولاتانی دراوسێمان پێشبکەوێت ، خەڵکی بەشەرەف و دڵسۆزی گەلەکەمان شاهیدی ئەو پێشکەوتنانەن کە هیچ ڕۆژێک نیە هەواڵی کردنەوەی پرۆژەیەکی تری ئابوری نەبیستن ،ئەوەی کەپێی دەڵێن پلانی پێنج ساڵە لای ئێمە بەهیمەتی دڵسۆزان و پسپۆڕانی خۆماڵی لە یەک ساڵدا بەئەنجامی دەگەیەنین . گەلی ئێمە باوەڕێکی تەواوی بە سەرکردایەتی وحیزبەکەی هەیە ئەم باوەڕ بوونەش لەوەوە هاتوە کە ئێمە پێشرەوی راستەقینەی گەلین و ژیانی خۆمانمان تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردن و بەرەو پێش چوونی گەلەکەمان تا دەگاتە دوا ئامانجی ، ئێمە لەبەر ئەوەی هەڵقولاوی ناو خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانین ، باوەڕی تەواومان هەیە کە هەر گەلە پارێزگاری لە دەستەڵات و دەستکەوتەکانی دەکات هەر بۆیە پێویستمان با دەسگای تایبەتی و نهێنی نیە . لەباری کۆمەلایەتیەوە خۆشحاڵم کە کۆمەڵگاکەمان ، دوژمنانمان پێش دۆستەکانمان دان بە پێشکەوتنی دەنێن ، کۆماڵگایەک کە هەموان ئازادن و مانای ترس نازانن کۆمەڵگایەک کەکێشەکۆمەلایەتیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو نەمان دەچن ، ئەگەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەپێشکەوتنی ژنانەوە بەند بێت ئەوا کۆمەڵگای ئێمە باشترین نمونەی ناوچەکەیە .

پرسیار : ئەمڕۆ لەناو وولاتەکەماندا مقۆمقۆیەک هەیە لەسەر دەستگیرکردنی و دەربەدەرکردنی ژمارەیەک لە ئۆپۆزیسیونی جەنابتان ، ئایا ئەمە تاچ ڕادەیەک ڕاستە ؟.

سەرۆک : من ڕێگە بەتۆ دەدەم هەموو زیندانیەکان بپشکنی تا بەچاوی خۆت ببینی تەنها کەسێکی لەو چەشنە لە زینداندا نیە . ببورە ئەی جەمال چەنەباز و بلە بەلەسە و قالەقوپاو و سمەسیس ... چەندین کەسی تر کە هیچ هەواڵێکیان نازانرێت ؟ . سەرۆک : تۆکەسێکی ڕۆشنبیرو بەئاگایت وئاگاداری جموجوڵەکانی ناو کۆمەڵگایت ، بەداخەوە ئەو چەند کەسەی ناوت هێنان ، من شانسی زۆر باشم پێدابوون کە خۆیان چاک بکەن و وەک ئەندامێکی کارای ناو کۆمەڵگا ، حیزبیشم راسپاردبوو کە یارمەتیان بدەن ، بەڵام خۆت دەزانی لە وولاتی ئێمەدا گەل بڕیاردەرە ، پێشم وانیە ئەو برایانە کارێکی وایان کردبێت شایستەی ئەو ڕیسواییە بوبن . پرسیار : بۆچی تائێستا میزانیەی دەوڵەت کەس نایزانێت ؟ .سەرۆک : دەوڵەت بریتیە لە ڕێکەوتنێک لە نیوان حاکم و محکوم کاتێک محکوم لەهیچ ناپرسێت ئەمە تاوانی ئێمە نیە ، من بۆیە ئەم قسەیە دەکەم تا هانی گەلانی تر بدەم پرسیار لە دەستەلاتدارەکانیان بکەن لەسەر ووردو درشتی ناو وولاتەکەیان ، هەرچەندە لە وولاتی ئێمەدا جۆرێکی ترە گەل باوەڕی تەواوی بە دڵسۆزی و پاکی حکومەتەکەیان هەیە ، گەل دەزانێت بە خەویش ژیانی ئاوە تێرو تەسەل و دیموکراتی نەدەبینی . پرسیار : لەناو گەلەکەماندا مقۆ مقۆی ئەوە هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە تاوانبارانی دەستەلاتی پێشو هەیە ، ئایا نیازتان نیە پاکسازیەک بکەن ؟ . سەرۆک : پرسیارەکەت هەڵەیە 1- لەناو گەلدا شتێکی

لەو جۆرە نیە 2- پاکسازی لە شوێنێکدا دەکرێت کە ناپاکی تیابێت 3- ئەوانەی کە ئەو دیعایانە بڵاودەکەنەوە گەل نین و گەل بێبەری کردون لەخۆیان ، ئایا تۆ کەسێکی وەک جەنەڕاڵ چلوب جربوع جداع بە تاوانبار دەزانی ؟ گەورەم من نایناسم . دەکەواتە تۆ شتێک نازانی بۆ قسەی لەسەر دەکەیت !!. پرسیار : من لەدڵسۆزی و خۆشەویستیمەوە بۆ بەڕێزتان ، ئاخاوتن وگلەیی و نارەزایەتیەکانی گەلت دەخامە بەردەست ، لەناوگەلدا دەنگ و باسی ئەوە هەیە کە خێزانت و مندالەکانت خاوەن بڕیارن نەک حیزب و حکومەت ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەک ڕاستە ؟ . سەرۆک : ئێوەی ڕۆشنبیران و نوسەران و دڵسۆزانی گەلەکەمان لە هەمو کەس باشتر ئاگادارن کە ئێمە لە باوباپیرانمانەوە خەباتکارو گیانفیدای ئەم گەلە بووین و سەروەت و سامانمان بۆ خزمەتی گەل خستوەتە گەڕ . دیارە لەوەش ئاگاداری کە ئێمە خوێنی ئەوکەڵەپیاوانەمان تیایە کە ژیانیان تەرخان کرد بۆ بەدی هێنانی ئەم ڕۆژە گەشە . پرسیار :جەنابتان باسی سەروەت وسامانتان کرد دەکرێت سەرچاوەی ئەم هەمو سامانەی کە هەتانە دیاری بکەن ؟.ئەوەش بەبیری بەڕێزتاندا بهێنمەوە کاتێک کە خەباتمان دژی ڕژێمی بۆگەنی پێشودەکرد حیزبەکەمان هەژار بوو سەرچاوەی دارایی ئێمەش هەژاران بوون ئەوانیش نەدار بوون ؟. سەرۆک : تۆ دەتوانیت پێم بڵێت سامانی ئێمە چەندە ؟. نەخێر نایزانم !! ئەی چۆن دەڵێت ئەم هەموسامانەی کە هەتانە ؟.جەماوەری گەلەکەمان وادەڵێن ، من لەسەرەتادا پێم ووتیت ئەوانە چاوچنۆک و بەکرێگیراون ئەوانە گەل نین ولە گەل بێبەرین .پرسیار : جەنابی سەرۆک دەتوانم هەندێک پرسیار لەسەر شەڕی نیوان خێڵی چەقۆکول و تەورشکاو بکەم ؟. سەرۆک : بەکەماڵی ئیسراحەت و بەوپەڕی ئازادییەوە . پرسیار : هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان هەردووخێڵی چەقۆکول و تەورشکاو چی بوون ؟. سەرۆک : سەرەتا دەمەوێت باسێکی ئەو دوو خێڵەت بۆ بک

ماویەتی .